# دەبارەی ئاگربەستی PKK: گفتوگۆیRoj TV لەگەڵ
## (ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی)و (عەبدوڵلا حیجاب)

**▪ بەشی یەکەم ▪**



**بەرنامەی (Pêvajo) ، ڕۆژی 6 ئۆکتۆبەری 2006**
**پێشکەشکار: گۆڤار ئەحمەد**
**میوانەکان:**
**▪ ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی/ نووسەر**
**▪ عەبدوڵلا حیجاب/ چاودێری سیاسی**

**گۆڤار ئەحمەد:** بینەرانی هێژا، وەکو ئێوەش ئاگادارن بە شێوازی جیا جیا، لە هەواڵەکانو لە هەڵسەنگاندنی لایەنی جیا جیاوە،کە ئەم ئاگربەستەی ئەمجارەیان بەراستی لە زۆر لایەنەوە ڕووبەڕووی هەڵوێستی جیا جیا بووەوە،وە پێشوازی لێکراو بە هەموو شێوازێک شوێنێکی تایبەتو قورسایەکی سەنگینی تایبەت بە خۆی دروست کرد. ئێمەش لەم بەرنامەیە هەوڵدەدین کە ئەم ئاگربەستەو هۆکارەکانی دەرکەوتنیو زەمینەو هەلومەجەکانی دەرکەوتنی ئەو ئاگربەستەو ئاراستەی ئاگربەستەکە بەرەو کێ دەچێو چی لەگەڵ خۆیا دێنێ، لەگەڵ میوانانی بەڕێز گفتوگۆ دەکەین. سەرەتا با بە یەکەوە بەخێرهاتنێکی میوانەکان بکەینو بشیان ناسین. بەرێز **(عەبدوڵلا حیجاب)** چاودێری سیاسی زۆر زۆر بەخێر بێن.
**عەبدوڵلا حیجاب:** زۆر سووپاس.
**گۆڤار ئەحمەد:** بەرێز **(ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی)** نووسەر، ئێوەش زۆر زۆر بەخێر بێن.
**ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی:** زۆر سووپاس.
**گۆڤار ئەحمەد:** بەڕێز حیجاب،حەز دەکەین سەرەتا لەوێوە دەست پێبکەین، وەکو ئاگادارن کە کۆما کۆمەلانی کوردستان،پێشتربە ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی 1993، دوای شەڕێکی بەرفراوانی هەرێمی، وە لە کۆتایی ساڵی 1995 یشو لە مانگی هەشتی 1988 یش وە لە 1989شدا چوار جار ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەو ئاگربەستانە بە شێوازێک

هاتوونو چووینە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەجێنەهێشتووە. بەراوردی ئاگربەستەکانی کە باسمانکردنو ئاگربەستی ئەم جارە چۆن دەکەن، یانی چ جیاوازییەک لە هەڵومەجەکانو جەوەکە هەیە؟

**عەبدوڵڵا حیجاب**: بەڕای من زۆر مەسەلە هەن کە بتوانێ باسی بکەی و جیاوازی ئاگربەستی ئەوجارە لەگەڵ هەنگاوەکانی جارانی پێشوو بخەیتە روو. بەڵام گرنگترینان لە ڕوانگەی منەوە، دوو شتن کە یەکیان دەنگی کوردە ئەو جارە، کە فەرقی هەیە لە جاران. جاران کورد دەنگێکی نێونەتەوەیی،لە ئاستی نێونەتەوەییدا، دەنگێکێ ئاوای نەبوو کە بتوانێ لەو ناوەندانەی کە بڕیاریان تێدا دەدرێ، لە ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا، قسەیەک لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی کوردەوە بکرێ، کە ئەوە گرنگترین فاکتۆرە، وە لەگەڵ ئەویش هاودەنگی کوردە. بۆ جاری یەکەمە، کە بڵێین، لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە یا بڵێین، لە بۆچوونیکی کوردییەوە چاو لێبکەین هاودەنگیەکی هاوبەش هەیە لەسەر ئاگربەستی ئەو جارە، وە ئەو هاودەنگییە بەشێوەیەکی زۆر ئەرێنی دەنگی داوەتەوە لەناو هەموو بزووتنەوەی کوردیدا. بەڵام چەند فاکتۆری دیکەش هەن کە دیسان گرنگی دەدات بەو ئاگربەستەی ئەو جارە لە جارانی پێشوو. یەکیان ئەو هەڵومەرجە جیهانی‌یە کە تورکیا بۆ خۆی تێیدایە، پێشتر تورکیا دەیتوانی زۆر بە ڕاحەتی مەسەلەی کورد بە مەسەلەی تەنیا ئەمنیەتیەوە گرێبدا.

**گۆڤار ئەحمەد**: مەبەستت لە هەڵومەرجی جیهانی، ئەڵبەتە هەڵومەرجی ناوچەیش هەیە کە خاڵێکی گرنگە، پەیوەندی ئێران لەگەڵ تورکیاو سوریاش.

**عەبدوڵڵا حیجاب**: لەسەر خودی هەڵومەرجە جیهانییەکە کە تورکیا تێیدا بێ، گرنگترینیان ئەو ڕەوتی نزیک بوونەوە لە یەکێتی ئەوڕوپایە، کە پێشتر تورکیا مەسەلەی کوردی لە چوارچێوەی، بڵێین، ئەو پێگە یان کۆنسێپتی ئەمنیەتی هەوڵەکاری پاراستنی خۆیدا دەناساندو لە ڕوانگەیەوە لە بایەخی ویستی سیاسی کوردی کەم دەکردەوە کە ئێستا ناتوانێ لەو چوارۆچێوەیەدا ڕابگرێ، چونکە بزووتنەوەکە تەقیوەتەوەو بووەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری، بزووتنەوەیەکی گشتی‌تر، کە تورکیا ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێ. لە لایەکی‌ترەوە تورکیا وەختایەک پەیوەندی لەگەڵ ئەوڕوپا لەسەر بنەمای ئەندامەتی هەیە، وە نزیکبوونی لە یەکێتی ئەوڕوپا لەسەر بنەمای ئەندامەتییە، یان لەسەر ویستی ئەندامەتییە. لە وەزعیەتێکی ئاوادا هەندێ کرێتێری جیاواز هەن هەم لەولایەوە، وە هەندێک، بڵێین، ڕەوشی وەزعیەتی جیاواز لە تورکیادا هەیە، کە ئەوانە ئەگەر لە یەکتر نزیک نەبنەوە و یەکنەگرنەوە تورکیا ڕەنگە نەتوانێ بەو شێوەیەی کە بۆ خۆی دەیەوێ لە گەڵ یەکێتی ئەوڕوپادا بەلایەنی کەم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەیوەندیەکی ئاوای بێ کێ ئەنجامەکەی ببێتە ئەندامەتی، ئەوەش تورکیا ناچار دەکا کە بە شێوەیەک وەزعیەت هەڵسەنگێنێ هەڵێک بۆ بزووتنەوەی کوردی دەرەخسێنێ کە بتوانێ وەزعیەتی ئاگربەستی ئەو جارە لەگەڵ ئاگربەستەکانی جارانی پێشوو گۆڕانی بەسەر دابێت، یان بڵێین، بە شێوەیەکی دیکە بنوێنن. مەسەلەیەکی دیکە ئەو وەزعیەتەیە کە ئێستا لە رۆژهەلاتی ناوەراست بە گشتی هاتۆتە پێشێ لە وەزعیەتێکی ئاوادا کە حەرەکەتێکی بچووک دەتوانێ کارتێکەرییەکی گەورەی بێت لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان. پەیداکردنی هاوپەیمانی نوێ، گەڕان بە شوێن هاوپەیمان یان لایەنێک کە لە هەمبەرتدا نەبێ، لە دژت نەبێ، لە هەموو لایەکەوە هەیە، لە وەزعیەتێکی ئاوادا، باسی وەزعیەتی ناوچەکەت کرد، مەسەلەن سوریاو ئێران لە هاوپەیمان دەگەڕێن، تورکیاش لە هاوپەیمان دەگەڕێت، وە هێزەکانی دیکەو بە

تایبەتی ئەمریکاش لە هاوپەیمان دەگەڕێ. لە هەمووی گرنگتر کورد بۆ خۆی هێزە ئێستا لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، وە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیشدا دەنگی هەیە، لە وەزعیەتێکی ئاوادا کورد بۆ خۆشی لە هاوپەیمان دەگەڕێ. ئەم وەزعیەتە هەمووی دەبێتە باس ئەوەی کە ئاگربەستی ئەوجارە فەرقێکی بنەڕەتی بێت لەگەڵ هەوڵەکانی پێشوو بۆ ئاگربەست، هەرچەند دەنگدانەوەی لە تەرەفی دیکە، لە لای بەرامبەری تۆ کە تورکیایە ڕەنگە بەو شێوهیە نەبێ کە کورد بۆ خۆی داوا دەکا یان ویستیەتی. بەڵام لە هەرحاڵدا کە تەماشا دەکەی کە تەنانەت دەنگدانەوەی لە ناو کۆمەڵگای تورکیادا، لەناو ڕووناکبیرانو لەناو ئەو لایەنانەی کە دەتوانن لە پاشەڕۆژدا دەرەفەتی خۆنواندنیان بێ بەشێوەیەکی دیکەیە. مەسەلەیەکی دیکەش ئەوەیە کە لەناو خودی حەرەکەتی کوردیشدا ئەو وەزعیەتە قەیرانییەی کە جاران دەیتوانی وەک لایەنێکی مەنفی لە بەرامبەر بزووتنەوەی کوردیدا بەکاربهێنرێ، لە وەزعیەتێکی ئاواشدا هەنگاو هەڵگرتن جا چ بۆ ئاگربەست بێت یا بۆ شتێکی دیکە بە نوقتە لاوازییەک بە حیساب بهێنرێ ،ئێستا دەرکەوتووە کە هەنگاوی ئەمجارە لەو ڕوانگەیەوە نییە. لەوەش گرنگتر وەزعیەتێکی دوو فاکتۆ بۆ ناسنامەی کورد لە مەنتیقەدا دروست بووە، مەسەلەن تەماشا بکەی لە ئاستی هەرە بەرزدا کە باسی بزووتنەوەی کوردستان دەکرێ ووشەکانی کورد، کوردستان، وە ناسنامەیەکی نەتەوەیی بۆ کورد، چارەسەری مەسەلەی کورد ئێستا زیاتر لە ڕۆژەڤی جیهانیشدان تا تەنانەت 5 ساڵ لەوەێ پێش یان6 ساڵ لەوەێ پێش، کە دوایین هەوڵدان بوو بۆ ئاگربەستێکی جدی. هەموو ئەوانە دەبنە باسی بەهێز بوونی بڕوایەکی وا کە کارکردی هەوڵی ئەوجارە بۆ ئاگربەست لایەنی کەم لەناو بزووتنەوەی کوردی بۆ خۆیداو لەسەر مەشروعیەدان بە ویستی کورد لە باکووری کوردستان ڕوانگەیەکی جیهانییەوە تەئسیری زیاتریان هەیە.

**گۆڤار ئەحمەد:** بەڕێز ڕواندزی، بەڕێز عەبدوڵڵا حیجاب باسی لە ئەو جیاوازییە جیاجیایانەی ئەو سەردەمو ئەو سەردەمی کرد، نازانم تۆ هیچ ئیزافەیەک یاخود خیلافت لەگەڵ بۆچوونەکانی بەڕێزی هەبێ؟

**ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی:** کاک عەبدوڵڵا چووە سەر زۆر خاڵی گرنگ، بەڵام من حەزئەکەم کەمێک لایەنیتری جیاوازی ئەم ئاگربەستە لەگەڵ ئاگربەستەکانی پێشووتر پیشان بدەم، کە گرنگترینیان، بە باوەڕی من، ئەمڕۆ بوونی کیانو حکومەتێکی کوردیی یەکگرتووە لە باشووری کوردستان، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە جیاوازییەکان، وە ئەم کیانەی باشوور، ئەمڕۆ جۆرێک لە خیتابێکی یەکگرتووشی هەیە. یانی بۆ نموونە، ئەگەر سەیرکەین لە سەردەمی ئاگربەستەکانی پێشوو کێشە هەبوو لە نێوان دوو هێزە سیاسییە نەتەوەیەکەی باشووری کوردستان، لە نێوان پارتیو یەکێتی، کە هەمیشە تورکیاش یاری لەسەر ئەم جیاوازییە کردووە. ئەمڕۆ ئەگەر بە ووردی سەیرکەین ئەو لێدوانانەی کە هەریەک لە دوو لایەنەکە دەیدات، دێتەوە لەگەڵ ئەم ئاگربەستە. وە بە خیتابێکی یەکگرتووش هاتوونەتە مەیدان. ئەمە خۆی لە خۆیدا جیاوازییەکی یەکجار گرنگو چارەنووسسازە لە بەرامبەر ئەو ئاگربەستەی ئەمجارە، کە لە جارانی پێشوو وانەبوو. مەسەلەیەکیتر ئەوەیە کە خودی ناوچەکەو جیهان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، یانی پاش 11 سێپتێمبەر دونیاو ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. ئێمە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێک کێشمەکێش لە نێوان خیتابو ئەجندای جیاواز دەبینین. ئەم خیتابانە پێشتر بەم شێوەیە نەبوون،وە هەتا ئێمە شاهیدی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟

ئێمە شاهیدی ئەوەین کە خەریکە قوتبی جیاوازی ناوچەیی دروست دەبن، ئەوانەش پێشتر نەبوون. وە خەریکە ستراتیژی جۆراو جۆر ئەکەونە کێشمەکێش، بۆ نموونە، ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێران لە هەوڵی سەپاندنی هەژموونی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگی خۆی لە ناوچەکەدایە، لەولاوە بە هەمان شێوە وڵاتە عەرەبییەکان دژایەتی ئەم هەژموونە دەکەنو مەترسی ئەجندای ئێرانیان لە ناوچەکەدا هەیە. وە ئەمەش زۆر بە باشی لە ئێراقدا دەبینین، یانی ئێراق بۆتە شانۆی ئەم شەڕە، شانۆی کێشمەکێشی ئەم دوو ستراتیژە. هەربۆیە ئەمریکا وەک لایەنی سێیەم لەم ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە ئێراق، نایەوێ تەنگەژەی زیاتر بنرێتەوە، نایەوێ کێشەی زیاتر دروست ببێ، هەربۆیە ئەمریکا زۆر بە جدی بەپیر داوای تورکیا، کە داوای لەناوبردنی pkk دەکا، ناچێ. ئەگەر سەیرکەین ئەو ئاگربەستە لە بارودۆخێکدا هات کە ئەمریکا پێویستی پێیەتی، چونکە ئەمریکا دەیەوێ تەنگەژەی ناوچەکە کەم ببێتەوە، کێشەی زیاتر نەنرێتەوە. ئینجا ئەمەش جیاوازییە پێشتر نەبوو. لە هەمووی گرنگتر لەم ئاگربەستە بوونی لایەنی سێیەمە، یانی ئەمڕۆ سەیر ئەکەین لە مەسەلەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە باکووردا، لایەنی سێیەم خەریکە دێتە ناو شانۆکە، لایەنی سێیەم هەر ئەمڕۆکە، بۆ نموونە پێشتر هەموو ئاگربەستەکان لە نێوان تورکیاو ......

**گۆڤار ئەحمەد:** کەمێک لایەنی سێیەم زیاتر ڕۆشنبکەوە.

**ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی:** یانی ئەگەر تۆ سەیرکەی دانانی کەسێکی وەک "جۆزێف ڕالستۆن" لە لایەن ئەمریکا وەک بەرپرسی کاروباری pkk، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەربڕی بەجیهانی بوونی مەسەلەی کوردە، ئەگەرچی کارەکەی لەژێرناوی دژایەتی کردنی تیرۆر پێسپێردراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانای تێکشکانی ئەو چوارچێوەیە کە پێشتر مەجود بوو. هەردەستێوەردانێکی ڕۆژئاوایی لە کێشەی کورد لە باکوور، بە باوەڕی من، لە قازانج کوردە، چونکە ئەم دەستێوەردانە هەم کێشەکە دەکاتە کێشەکی ناوچەییو نێونەتەوەیی، وە هەمیش ئەو جینۆسایدەی، یاخود زەبروزەنگەی کە تورکیا، یاخود دەسەڵاتو سووپای تورکیا بەرامبەر کوردو کوردستانی باکوور بەکاری دێنێ ناتوانێ وەکو جاران هەروا بە ئاسانی بەکاری بێنێ. بۆ نموونە، ئەگەر سەیرکەین پێشتر کوشتنو بڕینو گوند سووتاندن ئەکرا هەرکەس باسی نەئەکرد، بەڵام ئەمڕۆ خەریکە بۆتە کێشەیەک لە ناوچەکەدا. ئەمە پێشتر وانەبوو، بەو شێوەیە نەبوو، وە ئەم شێوازە نێونەتەوەیەیی وەرنەگرتبوو، بۆیە ئەمەش جیاوازیەکە، لایەنی سێیەمو بوونی ئەمریکا وەک لایەنێک، واتە دەوڵەتێکی زلهێزی وەکو ئەمریکا ئەمڕۆ بۆی گرنگە ئاگربەستێک pkk ڕایبگەیەنێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا جیاوازییەکە، لەوەش زیاتر ڕێکخەرێکو مونەسقێکیشی داناوە بۆ ئەم کێشەیە. بۆیە بە باوەڕی من ئەمە خۆی لە خۆیدا بوعدێکیتر دەدا بە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان. وەکو باسیشم کرد مەسەلەی خیتابی یەکگرتووی حکومەتو هێزە نەتەوەییەکانی باشووری کوردستان لە بەرامبەر ئەو کێشەیە یەکجار چارەنووسسازە. هەموومان دەزانین پێشتر چۆن تورکیا دەیان یاری لەسەر جیاوازی نێوان پارتیو یەکێتی بۆ مەسەلەی pkk کرد، هەموو شەڕە ناوخۆییەکانی باشووری کوردستان، تورکیا یاری لەسەر دەکرد، وە وەکو کارتێک بەکاری دێنا. وە لە هەمان کاتیشدا دەتوانین جیاوازییەکیتر باس بکەین کە ئەویش بوونی جۆرێک لە ناکۆکییە لە بەرامبەر ئەو ئاگربەستەیە لە نێوخۆی خودی تورکیا، بۆ نموونە ئەگەر سەیرکەین سووپا قسەیەک دەکا، وە ئۆردووگان وەکو حکومەت قسەیەکیتر دەکا کە جۆرێک جیاوازی تێدا دەبینرێ لە بەراورد لەگەڵ قسەکانی سووپا، وە ئەو

**جیاوازییەش بە تەئکید پێشتر نەبوو، هەربۆیە ئەم جیاوازییەش دەتوانین باس بکەین لە پەیوەند بەم ئاگربەستە.**